www.kurdistannet.org




# هەڵەبجە:
# كۆستی هەمیشە زیندوو

ناسر ئەمین نژاد

ئەم رۆژانە دروست چواردە ساڵ بەسەر كارەسات و روداوی دڵتەزێنی هەلەبجەدا تێدەپەرێ. ١٤ساڵ لەمەو پێش، لەو رۆژانەیدا كە بەرگی رازاوەی بەهاری سروشتی خەملاندبوو، رژێمی عێراق بە بەر چاوی دنیاوە هەموو رق و كێماوی دەرونی خۆی هەڵێنایەوە و بە كوژەندەترین و دژیئینسانیترین چەكەكانی سەردەم كەوتە جەستەی داهێزراوی هەلەبجە.

هەلەبجەی سەوز و رەنگین لە رۆژهەلاتی باشوری سلێمانی هەڵكەوتوە و لە باوەشی زنجیرە چیای شنروێ، بالانبۆیژ و هەورامانِدا جێی گرتووە. ئەم ناوچەیە بە یەكێك لە رازاوەترین و پرپیتترین پێدەشتەكانی كوردستان ناسراوە.

ئەم شارە لە مێژووی دوور و نزیكیدا دەیانجار وەبەر لافاوی درندانەی دەسەلاتدارانی هەرگیز تێرنەخۆر كەوتووە و زامار ماوەتەوە. ئەگەرچی لەم شارەداو و لە بۆمبارانی ساڵی ١٩٧٤دا لە یەكئانِدا حەفتا پەپولە فرین بە باڵی سەوزوسوورەوە، ئەگەرچی دڵی كانیئاشقان لە مارسی ١٩٧٨دا بە بومباران هەژیندراو حەوسەد ماڵی ئەمگەرەكە بە تی ئێن تی تەقیندرایەوە ، ئەگەرچی هەزاران ئینسانی فرچكگرتووی ئەم شارە لە دەستاری لە گەرِنەكەوتووی زۆرداری و چەوساندنەوەدا بە دەرد و ئازاری خۆیاندا تلانەوە و هارِدران، بەلام برین و زامی ئەمجارەیان گەلێك قوڵتر و جەرگبرِتر بوو.

لەم رۆژە تاریك و ئەنگوستەچاوەدا، لەهەموو لایەكەوە هەموو هەوڵەكان خرایەگەر تا هەڵەبجەی بۆلبژێركراوی لانكەی بێكەس وگۆران زۆرترین و زیاترین ئازارەكان بچێژێ. لەمرۆژەیەدا و لەمفەرتەنەیەدا پەیكی مەرگقرِان و راسپاردەی شەر چەندانجار دەستئاوەلانە لە شەقەی باڵیانداە و ئاسمانی كش و ماتیان برِی تا هەناسەی شارێك ببرِن ، تا زەردەخەنە بەسەر لێوەكانەوە قەتیس بكەن. وە بەمجۆرە بوو كەسوارە گوتەنی: زەردە كەوتەلێوی ناسكی پێنجهەزار سوورەگوڵ، یان پێنجهەزارگوڵ بە دەم شەماڵەوە بزەیان بزوت. دەیان هەزاریش لە جێی خۆیان هەڵكەندران تا لە پەریوەییدا بە دەم ئازارەوە بتلێنەوە .

لەم كارەساتە شومەدا ئیبلیسی سەرخۆشی سەرمەست دەتریقایەوە و كۆنەپەرستانیش بۆ قوربانییەكانی خۆیان عافواتیان دەخواست و فرمێسكی تمساحیان هەڵدەوەراند. لەملاشەوە چەند تەنیاو رووت مابونەوە هەزاران مەلی باڵ چندراو" لە بەر دەم تۆفانی گازی ژەهراوی بێ رەوشتی ئەمچەرخەدا ".

كارەساتی هەڵەبجە هێندە گەورە و تەشەنەساندەووە كە تا دێرزەمانێكی دوور موچرِكەوشەپۆلەكانی لە جەستەی مرۆڤایەتیدا بەردەوام لە گەراندا دەبێ. ئەمە نەك رازێكی سەربەمۆر بەلكوو زامێكی سەرئاوەلەیە بە ناوچاوی مرۆڤایەتییەوە. دەكرێ و دەشێ و دەبێ نەك لە پەراوێز بەلكوو لە ناو چەقی مێژوودا ،بۆ پێداچونەوە و هەلكۆلینی هەمەلایەنی و هەمیشەییدا بمێنێتەوە، ئەمە پەڵەیەكی شەرمەو لەسەرشانی دەسەلاتدارانی دنیا و بەردەستەكانیان لێرە و لەوێیە ـ كە سەرشێتانە لەدووی دەسەلات و ئاغایەتیدا وێلن . نابێ رێگا بدرێ بكوژان و خولقێنەرانی هەڵەبجە لە بەر زەبری گورزی مێژوو خۆ دەرباز بكەن.دەبێ هەموو

www.kurdistannet.org

هەوڵەکان وەگەر بخرێ بۆ دەرخستنی هەرچی زۆرتر و زیاتری رووی شاراوەی ئەم کارەساتە . دەبێ راستییەکانی ئەمەرگەساتە و شوێنەوارەکانی بەرووی بیروڕای گشتی دنیادا بتەقێندرێتەوە. تا دووپاتە و چەندپاتە کردنەوەی تراژدیای هەڵەبجەبۆدەسەلاتداران و خوێنرێژان حاسان نەبێت.

پێمباشە هەر لەم پێوەندییەدا و لەم بەسەرکردنەوە کورتەدا ئیشارە بە چەند خاڵێکی سەرەکی و جێگای سەرنج بکەم کە بێشک دەتوانێ سەرە داوی ماشەری ئاڵۆزێندراو و تێکچرژاو بەدەستەوە بدات وبێگومان جێگای دیار و نەگۆریان لە هەر لێکدان و شیکردنەوەیەکی راستەقینەی کارەساتی هەلەبجەدا هەیە .

یەکەم ، ئەزمونی هەتا ئێستایی دەسەلاتدارییەتی سیو ئەوەندە سالەی رژیمی عێراق بە *ئاشکرا* نیشانی داوە کە ئەم رژیمە دەستی پێشینەکانی خۆی لە خولقاندنی جینایەت و زەبروزەنگ لە پشتەوە بەستووە. ئەم مرۆڤ کوژانە لە پێناو بەرژەوەند و دەسەلاتی خۆیاندا شێتانە کاری وایان کردوە کە تەنیا لە گەل ئاکار و کرداری درندانە و خوێنرێژانەی جینایەتکارانی کون و نوێی دنیادا شیاوی هەلسەنگاندنە . خولقاندن و بەرپاکردنی ، **"ارض المحرمه"و " انفال"** نمونەی ئاکاری خولقێنەرانی کارەساتی هەلەبجەیە ، بێ شک دەوری جینایەتکارانەی ئەم رژیمە هەرگیز نابی و ناشێ لە یاد بکرێ

دوهەم : هەرگیز نابی نەخش و دەوری زلهێزەکان ، بە گشتی سەرمایەداری جیهانی و بەتایبەت دەولەتانی ئەمریکا و شورەوی جاران و ئالمان و فەرانسە لە یاد بکرێ ، خوشکردنی ئاگری شەری حەوت سالەی نێوان ئێران و عێراق ، دنەدانیان و یارمەتیدانی هەردوکلایان بەمەبەستی پرکردنی گیرفانی کۆنسێرن و کومپانیاکانیان وفرۆشتنی چەکوچۆڵ ورفاندنی بەری رەنج وتەقەلای کۆمەلانی ملوێنبەملوێنی ئێران و ئێراق وکاولکردنی ئەم دوو ولاتە ، ئاکار و کردارێکی لە یادنەچوون کە بەر لەهەرشت رەزالەت و شەییادی دنیای دوون و پەستی سەرمایەداری نیشاندەدات. بەتایبەت نەخش و دەوری کومپانیاکانی ولاتانی ئەمریکا و ئاڵمان لە فرۆشتنی چەکوچۆڵی - گۆیا قەدەغەکراوی- شیمیایی و تەفروتوناکەر بە هەردووک لایەنی شەر ئەوەندە بەرچاوە کە جێیخۆیەتی و دەبێ بۆ لەقاودانی هەرچیزۆرتری بازرگانەکانی شەر لەلایەک و بۆ ئەستاندنەوە وقەرەبووکردنەوەی زەرەروزیانەکانی قوربانییەکانی کارەساتی هەڵەبجەو دەربازبوانی ئەمتراژدیایە لەلایەکی دیکە.بەبەردەوامی و بە وردی پێوشوێنی بگیردرێ و هەولی بو بدری

سێهەم لەکارەساتی هەڵەبجەدا ناکرێ و نابێ نەخشی ریاکارانە و درۆزنانەی دەڵەتی کۆماری ئیسلامی لەیاد بکرێ. ئەم کۆنەپەرستانە بەئانقەست و بەدانستە شەڕیان کێشکردە ناوچەکانی کوردستان کە هیچ گرینگییەکی ستراتێژیکی شەڕیی تێدا نەبوو. ئەمانە تەنیا دەیانەویست لەلایەک بەهێرشی هەمەلایەنە بۆسەر کوردستان بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان لە ئێران وەتەنگانە بخەن وە بەقەولی خۆیان خاشەی ببرن، وە لەلایەکی دیکەش دەیانەویست لە بارودۆخی نفرەت و نارەزایەتی گشتی و جەماوەری لە کوردوستانی ئێراق دژ بە حکومەت ، لە پێناو هیستریای دەسەلاتی ئاوسارپساویان کەلک وەربگرن . بەتەما بوون بەڵکوو لێرەوە لانی کەم چەند شارۆچکەیەک داگیر بکەن و دڵی چەکدارەکانی خۆیانی پێبدەنەوە ، وە تەنووری خۆراکێکی تەبلیغاتی پێ تاو بدەن بۆ بردنەسەرەوەی ورەی داروخاوی هێزە بەزیوەکانیان. هەروەها دەیانەویست لەم رێگایەشەوە بۆ بەتەفرەبردنی بیروڕای کۆمەلانی ناوخۆ ، گرتنی چەند تەپک و شارۆچکە و گوندێکی کوردوستان بخەنە تای تەرازووی بارەتەقایی شەڕ، کە موشەک بارانەکانی ئێراق بۆسەر دورگە نەوتییەکانی ئێران پرزەیان لە دەسەلاتی لەرزۆکی کۆماری ئیسلامی بڕیبوو.

ئەمانە بەمجۆرە بەدانستە کۆمەلانی کوردوستانیان کردە نیشانەی تیری ژاراوی خۆیان وە کوردوستانیان بەو دەردە برد کە هەڵەبجەی لێکەوتەوە. نابێ رێگا بدرێ فریوکارانی کوماری ئیسلامی لە بابەت مەسەلەی هەڵەبجەدا بە دەمامکی مەزلومنمایی و فرمێسکی درۆزنانە بیچمی دزێوی خۆیان لە کۆمەلانی خەلک بشارنەوە.

www.kurdistannet.org

جوارەوە بەداخوئەسەفێکی زۆرەوە دەبێ ئیشارە بە دەوری خراپ و گەوجانەی *بەرەیکوردوستانیش* بکرێ. بەرەیەک کە لەژێردەستی قەرارگای رەمەزان و هەمزە لە ورمێ سازکرابوو. ئەمانە لەم گەمەیەدا زۆر زەلیلانە و ناتێگەیشتوانە بوونە داردەستی مافیای شەڕ لە ئێران و نەخشی کاولکارانەیان گێرا لە پەلکێشکردنی سپای‌ئیمامی‌زەمان بۆسەر کوردوستان . ئەمانە کە روانگەکانیان بۆدارشتنی تاکتیک و ستراتژی‌یان لەسەر کەپۆیانەوە واوەتر نەدەچوو چاوبەستانە و زەلیلانە کۆمەلانی کوردوستانیان بەرەو هەڵدێری تێوەگلاندن لە شەرێکی کۆنەپەرستانەی نێوان دوو ولات راکێش کرد. شەرێک کە هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نەبوو، وە نەیدەتوانی هیچ قازانجێکی بۆ ئەم کۆمەلگایە هەبێ جگە لە ماڵکاولی و قەومانی کارەساتی وەک هەڵەبجە.ئەمانە پلەی خۆیان هەتا قەرەوڵی و گوێلەمستی سەربازەکانی ئیمامی‌زەمان هێنایەخوار. ئەمانە خەلکی شاریان کردە لەمپەرێک بۆ پاراستنی خۆیان و جەیشی ئیسلام، ئیتر تالان و برۆش لەولا بوەستێ. رەفتار و کرداری ئەم *سەرکردانەی کوردایەتی* لەپاش بەناو ئازادکردنی هەلەبجە لەوشارە و لەتەنگاوخستنی خەلکی‌شار و بە زۆرهێلانەوەیان لەناو شار ، لەراستیدا تەنزێکی تاڵی مێژوویی‌یە و هەرگیز لە بیرناچێتەوە

هەر لەم‌پێوەندییەش‌دا پێویستە بەتایبەت ئیشارە بە نەخشی خراپ و گلاوی "بزوتنەوەی ئیسلامی" داردەستی کۆماری‌ئیسلامی لە روداوەکانی هەڵەبجەدا بکرێ. مورشد و مەلا گچکەوگەورەکانی ئەم جەماعەتە بۆ پەلکێش‌کردنی هەرچی زیاتری خەلکی هەلەبجە بۆناو تەنووری شەری سەروماڵی و لاگری لە ئێران چیی‌نەما کە نەیکەن.

کۆستی هەڵەبجە و ئازارەکانی هەروا بەردەوامە ، بەلام:

"...ئەمرۆ گەر هەتاو کەسیرەیەو نەماوە ئاگروگری

...لەپەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێلەوە

چاوم لە دیمەنی کچی بەیانییە

لەحەنجەرەی زەمانەوە

گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی وردەخیزەکانی کانی‌یە.